www.kurdistannet.org
27-2-2003 22:06

# راپۆرتی هاوكارمان ڕۆژنامەنووس سابیر مەحمود داماو لە هۆڵی كۆنفرانسەوە لە سەلاحەدین / كوردستان

ئەمرۆ سەعات ١٠:٣٠ بەیانی بە كاتی زەستانەی عێراق دووهەم كۆبۆنەوەی گونگرەی ئوپۆزسیونی عیراقی سازد درا لە شاروچكەی هاوین هەواری صلاح الدین بەرێزان جلال تالەبانی و صنعان احمد اغا وكریم احمد وتاری خۆیان پێشكەش كرد ئەوەی سەرنجی باسە بەریز تاڵبانی تیدا وەتی ( ئێمە كوردستانمان درۆست نە كردوە بەڵكۆ چوار بریاری عێراقی هەیە تیدا هاتووە وەك بریاری حكومی زاتی كوردستان و ئەنجومەنی تشریعی كوردستان وە لە وولاتی ئێراندا زانكۆی گەورە هەیە بەناوەی كوردستان ناوچەی كوردستان هەر لە دێر زەمانەوە دیاری كراوە كاتێ ئێمە دەڵێن هەرێمی كوردستان مانی ئەوە نی یە ئێمە دەمانەوێت وولاتی كوردستان دابمزرێنین) وهەروەها وەتی ( ئێمە برای ئەمریكا نین بەڵكۆ هاورێ ی ئەمریكاین) بە هیچ شێوەیەك رازی نین كوردستان داگیر بكرێ

بەڵام صنعان وەتی لیێرسراوەی الجبهه الترکمانیه وەتی ( ئێمە دنگمان دەخینە پشت دەنگی د. جلبی كە دەڵێت ئەوانە لە كوێ بوون كاتێ سەدان توركمان دەكوژران ئێستا داواكارین لە حكومەتە ئاشتی خۆازەكان و درۆسێكانمان بمان پارێزن لە كوشتن)

دواتر كونگرەكە بوو بە نهێنی هەموو ڕۆژنامەنووسكانیان دەركرد، ئەوی شاینی باسە ئەم كونگرەیە كەم كورتی زۆری تیدایە چونكە زیاتر لە سێ سەد وپەنجا كەسی ڕۆژنامەنووس لە هەولێرن بۆ ئامادە بوون لەم كونگرەیە بەڵام ڕەنگە تا ئێستا تەنها سەد ڕۆژنامەنووس ناوەی هەوڵی كوبۆنەوەیان بینی بێ كە من كەسێكم لەوانەی بینیویانە

وەشوێنی چاوەروانی ڕۆژنامەنووسەكان زۆر خراپە كە لە هولێ میدیا هوتێل دایە ئیستعابی ئەو تەواجدە ناكات

وەهەر ئەمرۆ رێكەوتی پێنج شەممەی ٢٠٠٣/٢/٢٧ لە كات ژمێری ددو نیوەی پاش نیوەرۆ كونگرەیەكی ڕۆژنامەیی كرا بۆ بەرێزان ووشیار زێباری و د. لەتیف رەشید

تیدا چەند برسیارێك كرا وەڵامی سەرجەم برسیارەكانیان دایەوە

گرنگترین وەتاریان ئەمەیە

( ئێمە دژی هەر داگیركردنێكی كوردستان وعیراق داین ئەمرۆ كوبۆنەوەی نهێنیمان كردوە وە ئە م ئێوارەیش كوبۆنەوەی نهێنیمان هەیە لە سەعات چوارو نیو بەیانی سەعات دە كوبۆنەوەمان هەیە ژمارەی ئەندامانی ئامادەبوو لە كونگرە گیشتە (٥٣) ئەندام لە ئەسڵی (٦٣) ئەندام وەفدی ئەمریكی بە سەرۆكایەتی ( زەڵمی خلیلزادە) هاتوون وەك ئاگادری قسەكانی بوون وەتیان دیاری نی یە هێزی ئەمریكی چەند دەمێنێتەوە لە كوردستان بەڵام هێزەكەیان دگیر كر نی یە بەڵكۆ رزگاركرا، سەبارت بە هاتنی سۆپای توركی ئێمە دەڵێن گەر وەك هێزێكی هاوپەیمانی ئەمریكی دێ بۆ كوردستان بۆ رزگاركردنی عێراق لە دەسەڵاتی سەدام حوسین بەخێربێت بەڵام توركیا ووەڵاتێك بۆی نی یە هێزەكانی ئێمە چەك بكات ئێمە سەر بە حكومەتی دیموكرسی عێراقی داهاتووین هێزەكانمان بۆ داگیركردن نی یە بەڵكۆ پارێزگاری كردنی یەكبوونی خاكی عێراق و ماڵ و گیانی خەڵكی كوردستانە و حكومەتی توركی هیچ دەسەڵاتی بە سەر ئێمەوە نی یە و بۆی نی یە باس لە چەك كردنی پێشمەرگەی كورد بكات و ئێمە شانازی بە پێشمەرگەی كوردستان دەكەین ئەوان بوون كورستانیان بۆ ئازاد كردین لە زوڵمی سەدانساڵ

لە كات ژمیری چوار كوتای هات بە كونگرەكە

لەگەڵ ڕێزمدا

ڕۆژنامە نووس

سابیری محمود داماو

٢٠٠٣/٢/٢٧